پەنجا پارێزەر بانگهێشتی دادگا کران بۆ پشتگیریی کردنیان لە بنەماڵەی ژینا ئەمینی



لەسەر داوای داواکاری گشتیی شاری بۆکان، 55 پارێزەری یاسایی کورد لەبەر پشتیوانی دەربڕینیان بۆ بنەماڵەی ژینا ئەمینی بانگهێشتی دادگای بۆکان کراون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی بۆ ئۆشکێنجەدانی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە ژمارەیەک لە پارێزەرانی یاسایی شاری بۆکان لە کۆتایی مانگی یازدەی ساڵی ڕابردوودا هاوخەمیی خۆیان دەربڕی بۆ بنەماڵەی ژینا و ئامادەیی خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەرکی پارێزەریی دەسپێکە تا گەیشتن بۆ ئەنجام ڕاگەیاند.